دەستنووسێکی تازە دۆزراوەی

کۆمەڵەی دەستنووسە کوردیەکانی ژابا:

# گەوەڕێ و گۆڕانیەکانی

## هەڵبژاردەیەك لە مێژووی نوێی کوردستان

(دەستنووس)


**نووسینی: مەلا مەحموود بایەزیدی**

**لە فەرەنسییەوە وەرگێڕان و پەراوێزنووسیی:**

**د. نەجاتی عەبدوڵڵا***


### پێشەکی

توانیم لە ڕێی نامەیەکی "ئۆگست ژابا"وە بۆ ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانیناسی ئەڵمانی "فێردیناند یۆستی"، کە باسی ئەم دەستنووسەی -وا ئێمە لێرە ساغمان کردووەتەوە- تێدا کردووە، ئەم وتارە بدۆزمەوە[1]. من ناگەڕێمەوە سەر باسکردنی ژیاننامە و کارەکانی ژابا[2]، بەڵکوو دەمەوێ تەنها ئاماژەیەکی بچووك بەوە بکەم، کە پاش جەنگی ساڵانی ١٨٢٨-١٨٢٩ی ڕووسی- تورکی و لکاندنی بەشێکی قەوقازیا بە ئیمپراتۆریای ڕووسیاوە و قۆناغی دوای ئەوە، بایەخپێدانی زانا و ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان بە لێکۆڵینەوە و مێژوو و بواری کوردناسی دەستی پێکرد. دوای ئەوەش، دەتوانین بڵێین ڤ. دێتیل لە گەشتنامە سێ ساڵیەکەی خۆیدا بۆ ڕۆژهەڵات "دەستپێکی کوردناسی" لە ڕووسیا دەچەسپێنێ. پاشان زانایانی وەك بێرزین، ئابۆڤیان، لێرخ و ژابا بایەخێکی زۆر بە مێژوو و زمانی کوردی دەدەن و بەشدارییەکی کاریگەر لە گەشەپێدانی کوردناسیدا لە ڕووسیا دەکەن.



ئۆگست ژابا • 1801 - 1894

ئەوجا سەرەتای نیوەی دووەمی ساڵانی پەنجای سەدەی نۆزدەهەم، ئەکادیمی بێرنارد دۆرن[3] لە بەشی

---

* سکرتێری (ئەکادیمیای کوردی)- هەولێر.

[1] Marie de Testa et Antoine Gautier, *Drogmans et diplomates européens auprès de la porte ottomane,* Istanbul : Les éds. Isis, 2003, p: ٤٥٤

[2] بۆ کەسێك ژیاننامە و کارەکانی ژابا و فێردیناند یۆستیی گەرەك بێ، دەتوانێ بچێتەوە سەر: ئۆگست ژابا، *فەرهەنگی کوردی- فەرەنسی*، بڵاوکەرەوەی زانستیی: فێردیناند یۆستی، وەرگێڕانی پێشەکیو دووبارە لەچاپدانەوەی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠، ژیاننامەی ژابا (ل١٥-١٦) و ژیاننامەی یۆستی (ل١٧-٢٠).

[3] ئەکادیمی بێرنارد دۆرن Johannes Albrecht Bernhard Dorn (١٨٠٥-١٨٨١)، زانای ئەڵمان، پسپۆری مێژوو و زمانەکانی ئێران، ڕووسیا و ئەفغانستان بوو. سەرەتا لە زانکۆی لایبزیگ و دواتر بووەتە ڕاگری زانکۆی خارکۆڤ و پرۆفیسۆری مێژوو و جوگرافیا لە ئەنستیتووتی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە وەزارەتی دەرەوە. لە سانت پێترسبوورگ

مێژوو و فیلۆلۆژیای ئەکادیمیای شاهانەی زانستەکانی سانت پیێترسبورگ ساڵی ١٨٥٦ داوا لە کۆنسوڵی ڕووسیا لە ئەرزرۆم، ئەلیکساندەر ئۆگست ژابا (١٨٠١-١٨٩٤)، دەکا ئەوەندەی دەکرێ نفووز و دەستڕۆییی خۆی وەك کونسوڵی ڕووسیا بەکار بهێنێ بۆ کۆکردنەوەی دەقی کوردی، دەستنووس و وشەنامەی کوردی بۆ ناسینی زمان و ئەدەبیات و هۆزە کوردیەکان. ژابا کۆمەڵێکی زۆر دەستنووس و دەقی کوردیی لە دووەم ماوەی کاری کونسوڵیی خۆیدا لە ئەرزڕۆم بە هاریکاریی مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٧-١٨٧٠؟) کۆ کردەوە و هەمووی بۆ سانت پیێترسبورگ نارد؛ هەندێکیان لە کاتی خۆیدا یا دواتر بڵاو کرانەوە و بەشێکی زۆریشیان تائێستا وەك دەستنووس لە کتێبخانەی سانت-پیێترسبورگ و مۆزەخانەی بریتانیا پارێزراون.

ژابا لە ژیانی دیپلۆماتیی خۆیدا دوو جار وەکوو کونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزڕۆم ماوەتەوە، قۆناغی یەکەم: (١٨٤٨-١٨٥٣) و قۆناغی دووەم: (١٨٥٦-١٨٦٦)، ژابا هەر لە ماوەی قۆناغی دووەمیدا بوو لە ئەرزرۆم، بە تایبەتی نێوان ساڵانی ١٨٥٦-١٨٦٦، توانیی ماوەی دە ساڵ گەنجینەیەکی یەکجار گەورەی زمانی کوردی لە فەوتان ڕزگار بکا و بە یاریدەی زانا و مەلای هەڵکەتووی کورد "مەلا مەحموودی بایەزیدی" پێکەوە کۆمەڵێکی یەکجار زۆر دەستنووسی بەهاداری کوردی و ڕۆژهەڵاتی لە فەوتان ڕزگار بکەن.  وەك دەڵێن ژابا زمانە ڕۆژهەڵاتیەکانی: تورکی، عەرەبی، فارسیو کوردیی زانیونو کتێبخانەیەکی نایابی نووسراوی ڕۆژهەڵاتیی هەبوە، جگە لە کتێبی چاپکراو، لە ساڵی١٨٥٦ەوە کەوتووەتە کۆکردنەوەی دەستنووسی ڕۆژهەڵاتی. Zychlinsk لە تێبینییەکدا ئاماژە بەوە دەکا کە کۆمەڵەی دەستنووسەکانی ژابا بە زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان ٢٦٠ دەستنووس بوون. ئێستا دەزانین بەشێکی ئەم دەستنووسانەی ژابا کە بریتیین لە (٥٤) دەستنووسی کوردی (٤٤ دەستنووسی کوردی، ٤ بە فارسی، ٣ بە فەرەنسیو ٣ بە تورکی) حاڵی حازر لە کتێبخانەی Saltykov-Shtchedrinegی سانت پیێترسبورگ هەڵگیراون و بەشێکی دیکەی ساڵی ١٨٧٢ ڕەوانەی موزەخانەی بریتانیا لە لەندەن کراوە؛ بە قسەی "شارل ڕیۆ" بریتییە لە ١٠٦ دەستنووس، ٤٦یان بە تورکیی عوسمانی، ٣٨ بە عەرەبی، ٢٢ بە فارسین. دەستنووسێکی نایابی تورکی لەناو ئەم کۆمەڵە دەستنووسەی مۆزەخانەی لەندەندایە، بریتییە لە وەرگێڕدراوی شەرەفنامە کە لەلایەن یەکێکی بنەماڵەی شەرەفخانەوە تەرجەمەی تورکی کراوە[4]. ئەمڕۆ بەم پێیە لە کۆی ٢٦٠ دەستنووسەکەی ژابا، هەر ١٦٠ دانەی پارێزراون و نزیکەی ١٠٠ دەستنووسی دیار نین، وا پێدەچێ بەشێکی زۆری ئەم سەد دەستنووسە ونە لەبارەی کوردەوە بووبێ. وا دیارە لە دەستپێکی ساڵانی هەشتاوە پیری و نەخۆشی تینیان بۆ ژابا هێناوە، بە جۆرێك لە نامەیەکی ١٢ی ئاداری ١٨٨١دا بۆ یۆستی دەنووسێ: ((*ڕاستیەکەی هێشتا چەند دەقێکی دیکەی کوردیم لەلا ماوە، بەڵام ئەفسووس چیتر ناتوانم بەهۆی باری لەشساغیمەوە: لاوازیی قاچ، دەست و بیناییم، خەریکیان ببم*))[5]. بەداخەوە ئەو چەند دەقە کوردییەی کە ژابا لەم نامەیەدا باسیان دەکا، لە دوای مردنیەوە تائێستا هیچ سۆراغێکیان نییە، بەو هیوایەی کە لەناو نەچووبن و ڕۆژێك کەسێك هەبێ بیاندۆزێتەوە و بڵاویان بکاتەوە.

ئەم وتارەی وا لێرەدا بڵاو کراوەتەوە، وادیارە دواین کاری ژابا بووە و شوباتی ١٨٨١ لە سیمێرناوە بۆ یۆستیی ناردووە، ئەویش -خودا کاری ڕاست بێنێ- هەر هەمان ساڵ لە گۆواری فەرەنسیی

---

زمانی سانکریتی و پەشتووی وتووەتەوە. ساڵی ١٨٣٥ بووەتە ئەندامی ئەکادیمیای شاهانەی ڕووسیا.

[4] Marie **de** Testa et Antoine Gautier, *Drogmans et diplomates européens auprès de la porte ottomane*, Istanbul : Les éds. Isis, 2003, p : 453-454

[5] بروانە دەقی نامەی ژابا بۆ یۆستی لە ١٢ی ئاداری ١٨٨١ لە:
Marie de Testa et Antoine Gautier, *Drogmans et diplomates européens auprès de la porte ottomane*, Istanbul : Les éds. Isis, 2003, p.461

بڵاوی (*Bulletin de l'athénée Oriental*)دا کردووەتەوە، ئێمە وا بۆ یەکەمجار دەیهێنینەوە ناو کتێبخانەی کوردی. ئەمە یەکێکە لە کۆکراوەی کۆمەڵەی دەستنووسە کوردییەکانی ژابا کە هێشتا هیچ سۆراغێکی نییە و ئەگەر ئەم گۆوارە نەبوایە – بێگومان– ئەم دەقەش وەك زۆر دەستنووسی دیکەی کوردی لەناو دەچوو.


BULLETIN

DE

L'ATHENEE ORIENTAL

PRÉSIDENCE

DE

M. ALEXANDRE N. DE MEISSAS

Année 1881 — N° 3.

PARIS, MAISONNEUVE & C^ie

25, QUAI VOLTAIRE, 25

Le *Bulletin de l'Athénée* doit être accompagné cette fois encore de la *Revue critique internationale* en fascicule séparé. A partir du prochain numéro les deux publications seront réunies sous la même couverture.

سەرچاوەی ئەم نووسینە: بوڵتەنی
« LATHENEE ORIENTAL

## گەورێ و گۆرانییەکانی
### هەڵبژاردەیەك لە مێژووی نوێی کوردستان

(بابی عالی) ساڵی ١٢١٠ی کۆچی[6] سوودی لە بنەماڵەکانی چۆلانەکان* وەر گرت، کە دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەبوو و سنووری قەڵەمڕۆی دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمەکانی ئەلاشگرد و بایەزیددا ڕادەگەیشت، بۆ هێشتنەوەی کوردەکان لەژێر دەسەڵاتی خۆی. سەردارەکانی ئەم بنەماڵەیە نازناوی پاشایان هەبوو. عەبدی پاشا حاکمی ئەلاشگرد، مەحموود پاشای ئامۆزای حوکمڕانی بایەزید بوو. ئەوە لەو دەورانەدا بوو کە کچی پیاوێکی هەژاری ئێزیدی، لە ئاواییی سوبحان، کە دەکەوێتە نێوان ماکۆ و بایەزید، لە ناکاو بە سایەی گۆرانییەکانیەوە بەناوبانگ بوو و گۆرانیەکانی هەر زوو لەلای خەڵك خۆشەویست بوون. ئەم کچە ناوی "گەورێ"و لە هۆزی ئێزیدیەکانی تیرەیەکی کلۆڵ و مایەی قێزلێبوونەوەی لای هەموو موسڵمانان بوو؛ ئاینەکەیان شەیتانپەرستییە کە ناوی پڕشکۆی "مەلەك تاوس"یان پێدەبرێ، هەروەها لەلایەن هۆزەکانی دیکەشەوە پێیان دەڵێن کورمانجی، واتە کوردی دڕندەو کێوی[7]. ئەمەی خوارەوە بنچینەی گۆرانیەکانیەتی.

عەبدی پاشا کوڕێکی "خەلیل بەگ" ناوی هەبوو، هێشتا گەنج، قۆز، ئازا و بەخشندە بوو، وەکوو ئاغا گەورەکان دەژیا، زۆر حەزی لە ڕاوشکار و ئەسپ بوو. ڕۆژێکیان، لە کەشێکی پڕلەچێژدا، بە خۆی و هاوەڵەکانیەوە، ڕوو بە ئاواییی سوبحان ڕۆیی و بە نزیکی کانییەکدا کە کچانی گەنجی ئاوایی ئاویان لێ دەهێنا، تێپەڕی. گەورێ لەوێ بوو. گەورێ لەگەڵ دەنگەدەنگی ئەسپەکاندا ئاوڕی دایەوە و چاوی خستە سەر

* ئەگەرچی لە دەقەکەدا وا هاتووە، ساغ نەبوەوە ئاخۆ ئەم ناوە ڕاستە یان نا؟ [گۆڤاری ژین]

7 لەبارەی ئەم تایەفەوە بڕوانە ئەو نووسراوانەی، کە لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی) لە لایەن بەڕێز ف یۆستی-یەوە ئاماژەیان پێ کراوە، ل: بیست‌وحەوت،
M.Oppert, *Expédition en Mésopotamie,* I, p. 75, *Vergelijkend Geschiedenis von de Egyptische en Mesopot.* Godsdiensten, p. 285, note., Sandreczki, *Reise nach Mosul*, III, 251, 285, 322., petermann H ., *Reisen im Orient,* II, 333 (FJ)

6 ساڵی ١٢١٠ی کۆچی دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی ١٧٩٥-١٧٩٦ی زایینی. وەرگێڕ

سوارچاکێکی قۆز کە لەپێش هەموانەوە بوو. وێڕای تیژڕەوی‌و خێراییی ئەو ئەسپەی کە لەسەری بوو، جوانیی ڕوخساری بە هیچ کلۆجێك لە ڕوانینی گەوەریێ دەرباز نەبوو و سیمای ئەو گەنجە لەناو ڕۆحی ئەو کچە چەسپی و جێ‌پەنجەی قووڵی لەناو دڵی سادە و ساکاری ئەو کچەدا بەجێ هێشت. لەوساتەوە سۆزێکی شێتانە هەست و ناخی داگیر کرد. کچە بەستەسزمان و کلۆڵەکە "گەوەریێ" حەزی لە جوانێکی نەناسراو "خەلیل بەگ" کرد و زۆربەی جار دەچوو لە تەنیشتی ئەم کانییە کە ڕۆحی لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم سوارەدا گری گرتبوو، دادەنیشت. سەرەڕای خێراییی ئەم دەرکەوتنە، کچە هەستی بەوە کردبوو کە هەموو گیانی بە هەست و نەستێکی قووڵ دەلەرزێ. لێرەوە جڵەوی بۆ خەیاڵەکانی شل دەکرد و گۆرانیەکانی لە کاتی چریندا خۆشەویستییان لێ دەتکا. یەکێك لە گۆرانیەکانیی بۆ خەلیل بەگ وت، بەڵام خەلیل بەگ، ئاغای گەورە، کوڕی پاشا، گاڵتەی بەوە هات تێی بڕوانێ و بە توندی ئەوەی ڕەت کردەوە کچێکی ئێزیدی بکاتە هاوسەری خۆی. کچە بەردەوام گۆرانی دەوت و لەگەڵ کاتدا وای لێ هات لە بیری کرد. دوو ساڵ دواتر، خەلیل بەگ دیسان خەریکی ڕاووشکار بوو، لە ڕاوکردنی ئاسکێکدا، خۆی لە نزیکی کانیەکە بینییەوە، "گەوەریێ"ی بینی. ئەمجارەیان خەلیل بەگ جوانیی کچەکە لێی دا و هەموو شتێکی لە بیر بردەوە، خۆشەویستییەکی شێتانە بۆ گەوەریێی بەدبەخت دڵی داگیر کرد و تا بەوە گەیشت بیکا بە هاوسەری خۆی. بەڵام عەبدی پاشا، بنەماڵەیەکی ناوداری چۆلان، لەم بیرۆکەیە تووڕە بوو. ملکەچی کردن بۆ ویستی خۆی، کەچی خەلیل بەگ دڵی نەگۆڕی و خۆشەویستیەکەی هەر بە زیندوێتی لە دڵدا مایەوە. خەلیل بەگ و گەوەریێ بە درێژاییی بوونیان تەنها هەستێکی خۆشەویستی زۆر بە شێوەیەکی نموونەیی بەیەکەوە گرێی دابوون و بیرەوەریەکانیان لە ڕێی ئەو سروودانەوە کە پێکەوە دەیانگوت، تەرخان کردبوو. ئەوەی خوارەوە یەکێکە



لەو گۆرانیانە، بە دەقی کوردی لەگەڵ نیشاندانی ترەنسکریپسیۆنی دەقەکەدا لە خوارەوە، لەپاڵ وەرگێڕدراوی فەرەنسیدا –ئەوەندەی دەکرێ– بە شێوەیەکی ئەدەبی. گۆرانیەکە بۆ خۆی ڕەنگە چێژێکی ئەوتۆ بە خوێنەری ئەورووپی نەبەخشێ، بەڵام وەك چۆن گۆرانییەکی میلیی کورمانجییە، ئەوا – بێ‌گومان– بە تایبەت لە چاوی ڕۆژهەڵاتناسێکەوە نرخی خۆی هەیە. ئەوەی لەم دەقەدا نایابە، ئەوەیە کە ڕەوتی کوردمان بەرەو کریستیانێتی بۆ ئاشکرا دەکا. ڕاستیەکەی، دەبێ ئێمە سەرنجی ئەو ڕێڕەوە بدەین کە ئەو دوو خۆشەویستەی تێدا ڕۆحیان بەرەو خاچ بەرز دەکەنەوە و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن خۆیان بخەنە بەر پاراستنی مریەمی پاکیزە و داوای ئەوەی لێ بکەن بەیەکگەیشتنیان پیرۆز بکا. ئەو مسیۆنێرانەی کە کاریان لە ئەرمەنستان و کوردستان بۆ خەڵك هێنانە سەر ڕێی کافرەکان کردووە، دەتوانن سوود لەم چەمکە وەر بگرن. ئەوەی مایەوە، ئەم ڕەوتە لە نامیلکەی

بڵاوی[8] (*هەواڵنامە دەربارەی هۆزە کوردییەکان*)[9] لە گۆواری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەڵماندا، بەرگی شازدەهەم، ل٦١٧ ئاماژەی پێدراوە. (ل٥٥: "er hat jenen Kurd-Yeziden zum Christenthum bekehrt"[10])

## ئسترانێد کورمانجی

١

خەلیل:

سوبەیە خوناڤ ل گەلی

عەندەلیب دخۆتن د گەل بولبولی

ئەز دێ بچمە تەوافا گەردەنێ حەمایلی

٢

گەوەری:

سوبەیە صوبح لەندە

کوڕۆ تو مەگەر بی بازبەندە

موحەببەتا دلان گرێبەندە

٣

خەلیل:

دەڤێ چەمان هەموو دار و بینە

چاوشێ گەردەێ گوهار و بەنینە

تە سینگ و بەرێ ڕەشە ل دەوری هەموو مەلا و حاجینە

٤

گەوەرێ:

غەریبم غەریبەکی بیانی

دەستی کولفەتێ خۆ بگرم ئاگرێکی بەردەمە خان‌ومانی

گونەهێ کافران بمن تێ خاص ما تو موسلمانی

٥

خەلیل:

سوبەیە سوبح ئابە

دەستێ من ژ گەردنا زەر ڤەنابە

تەرکا چاڤێ بەلەک نادم حەتا قیامەت ل من ڕابە

٦

گەوەرێ:

سوبەیە وەختێ سەحەرێ

کارێد غەزالان مەشیانە مەغەلێ

کەلەشا من نەمایە ل سەر کەیفا بەرێ

٧

خەلیل:

دلێ من هەر دیدەوانە

چاڤێ من قەڕاولێ هەر ڕیانە

کەلەشا من بێ ل من ببە میوانە

٨

گەوەرێ:

وەرە ل من ببە میوان

ژ تەرا بینم شەکر و سێڤان

جهێ تە داینم ل نێڤ سینگ و بەران

٩

خەلیل:

حەلەبێ ڤردا مللە

کەلەشا من ژ حەمامێ دەرکەتی پوڕی شلە

ڕاموسانەکێ بدە من دیا تە گوت ببێژ درانێ منی کولە

١٠

خەلیل:

---

[8] ڕاستیەکەی ئەمە نامیلکە نییە، بەڵکوو وتارێکە هەروەک ئەوەی خۆیشی نووسیویە لە بەرگی شازدەهەمی ساڵی ١٨٦٢ی گۆواری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەڵمان (*Zeitschriften der Deutschen Morgenländischen Gesellschaft*)دا بڵاو کراوەتەوە، [وەرگێڕ]

[9] Blau, *Nachrichten über kurdische Stämme*

[10] ئەو ئێزیدییە کوردانەی کە هاتوونەتە سەر ئاینی کریستیانێتی.

وەرە ئەز تو هەڕنە بێریا میان
بگرنە کەیف و لاقردیان
ئەگەر دیا تە گوت چڕا درەنگی بی ببێژ زێڕێ سەرێ من قەتیان

۱۱
گەوەرێ:
ل سەر مەرا چیا زەرە
دبن مەڕا داروبەرە
هەوارا منە خودێ بەختێ بێبەختان لێ وەر دگەڕە

۱۲
خەلیل:
پەزێ کەلەشا من بزنە
من گەڕاندی ل دەشت و تەرازنە
ئەزێ ببمە شاما شەریف حەلەبا خوبان بدەم ب جووتەك بازنە

۱۳
خەلیل:
پەزێ کەلەشا من بەرانە
من گەڕاندی ل ڕێیان و دەربانە
ئەزی ببمە شاما شەریف حەلەبا خوبان بدەم ب جووتەك نیشانە

۱٤
گەوەرێ:
فوراتۆ فراتێ ڤێ پالوی
ب سەردا خوار بوو کەلەکەکی ژ میری
لاوکێ من چوو وەلاتێ غەریبان دکەم ڤێ بیری

۱٥
خەلیل:
من دی بوو ل بن دارا لەیلایێ
زولفێد حولی دکن ڤێ سەمایێ
ئەز دێ دەستێ کەلەشا خۆ بگرم باڤێمە بەختێ مەریەمایێ

۱٦
گەوەرێ:
بازیدێ ڤردا خاچە
زەر ل ئەنیا گەور بوونە تاجە
کێ دیتیە لاو بەگزادە بە کەچ کرمانجە

۱۷
گەوەرێ:
سوبحانە د گەڕێدا
بایەکی هینك لێ دا
خوزیا من دەستی خۆ ل بەر کوڕێ خانمێدا گرێ دا

۱۸
خەلیل:
دلی من ژ تە نابە
تو دچی حالێ من چاوابە
تەرکا دێما گولین نادم حەتا دیوانا سوبحێ ڕابە

۱۹
گەوەرێ:
من ل دیاری گەدوکا پایێ
بەندا شۆڕ کەتە سەر عەبایێ
تەرکا چاڤێ بەلەك ناکم حەتا ئاخری دنیایێ

۲۰
خەلیل:
چاڤێ ڕەش قەدانە
دان ب دانە کل ددانە
ڤان چاڤان گەلەك ژن ژ مێران بەردانە

۲۱
خەلیل:
سوبەیە تاڤێ دایە
ل سەر سینگ و بەرێ زەر ڤە دایە
دو ڕاموسانان بدە قسمەتی خودێ دایە

لێکدانەوەی سترانەکە:

١: خەلیل

سپێدەیە، خوناو لەسەر گوڵان دەنیشێ، شالوور و بولبول دەجریوێنن، هەرچی منم، دەچم بەدەوری گەردنێکی زێڕینی بە ملوانکەدا تەواف دەکەم.

یەکەم بڕگەی سترانەکە: تەواف- بە دەوری پەرستگایەکدا سووڕانەوە. حەمایل- کۆی وشەی عەرەبی (حمالة)یە، ملوانکەیە وەك نوشتە (تەلیسم) لە مل دەکرێ، ئەم تەلیسمە سندووقچکەیەکی بچکۆلەی لە زێڕ، زیو یا مس دروستکراوە لە شێوەی سێگۆشەدایە، ژنانی کورد و هەتا ژنە ئەرمەنەکانیش بە زنجیرێکی زێڕ یا زیو بەدەوری گەردنیانەوە لە ملی دەکەن. ئەم چوارگۆشەیە وادەبێ بە مرواری و بەردی گرانبەها و بە گوێرەی توانی دارایی کەسە هەڵگرەکەی دەڕازێنرێتەوە. هەرچەندە بۆ ئەوە کراوە وەك تەلیسم یا شتێکی گرانبەها پارێزراو بێ، بەڵام هێشتا زیاتر لە عیبادەت بۆ خۆجوانکردن بەکار دێ.

٢: گەوەرێ

سپێدەیە، گزینگی خۆرەتاو دەر کەوتووە، هاوڕێ خۆشەویستەکەم، بەبێ بازبەند پیاسە مەکە، چونکە خۆشەویستی گرێیەکە دڵان پێکەوە دەبەستێ.

٣: خەلیل

کەناری هەموو چۆمەکان پڕاوپڕن لە داربی. پێشبینیی گەردنی تۆ بازنی زێڕینو ملوانکەیە، سینەت بە هەمان شێوەی ئەو بەردە ڕەشە نایابەیە، کە هەموو مەلا و حاجییەك بە دەوریدا دەخولێنەوە.

دووەم بڕگەی هۆنراوەکە، دێڕی سێیەم: بە شێوەیەکی ئەدەبی: خۆشەویستیی دڵان بەندێکە بۆ پێکەوەگرێدان (بۆ دڵان)، یاریکردنێك بە وشەی (بەند) لە وشەی (بازبەند) و (گرێبەند)دا هەیە.

سێیەم بڕگەی هۆنراوەکە، دێڕی یەکەم، وەرگێڕانی وشە بە وشە: کەناری دەم چۆمان هەموویان بە درەخت و داری بی (داپۆشراون) (بۆ: درەختەکان، بێشەڵانەکانی داری بی)، سێیەم دێڕ، وشە بە وشە: سینگی تۆ کەعبەیە (وەك کەعبە وایە) کە حاجی بەدەوریدا دەسووڕێنەوە و جێنزرگەی دڵسۆزییە بۆ خەڵکانی پەرۆش.

٤: گەوەرێ

من بێگانەم، بێگانەیەکی نامۆم، بە دەستی خۆم دەستی خێزانەکەم دەگرم و ئاگر لە ماڵ بەر دەدەم. گاورەکان بەزەیییان بە حاڵی مندا دێتەوە، کەچی تۆ کە موسڵمانی (بە هیچ کلۆجێ بەزەییت پێمدا نایێتەوە).

٥: خەلیل

سپێدەیە، ڕۆژ نابێتەوە (هێشتا زووە)، دەستم لە گەردنی زێڕینی تۆ بەر نابێ، تا ڕۆژی قیامەت دێت، دەست لە چاوی بەلەکی تۆ هەڵناگرم.

چوارەم بڕگەی هۆنراوەکە لە زمانی ئیرۆتیکادا بە مانای "عاشق"یش دێت (بۆ نموونە، لای حافز غەزەلی ٦٠، ٢)، فێردیناند یۆستی- سێیەم دێڕ، گوناهی گاوران بەسەر مندا دەشکێتەوە، بە مانای مەجازی گاورەکان باوەڕیان بە من هەیە، بەزەیییان بە مندا دێتەوە بەوەی گوناهەکانیان، نهێنیەکانیان بۆ من ئاشکرا دەکەن، دەوترێ: ((*گونەهێ تۆ ب من نایێ))، کەچی* تۆ بەزەییت بە مندا نایێتەوە.

٦: گەوەرێ

سپێدەیە، گزنگی خۆرەتاو (دەست پێ دەکا)، کارئاسکان بە ئاڕاستەی خانەکانیان دەڕۆن، خۆشەویستەکەم وەك پێشتر دڵخۆش نییە (بە شێوەیەکی ئەدەبی: وەك دڵخۆشییەکەی یەکەمینی نەماوەتەوە).

٧: خەلیل

دڵم هەمیشە چاودێریی تۆ دەکا، چاوم قەڕاوڵی هەموو ڕێگەو بانەکانە. هۆ جوانەکەم، وەرە نزیکمەوە و ببە بە میوانی من.

٨: گەوەرێ

وەرە نزیکی منەوە و ببە بە میوانم، شەکر و سێوت بۆ دەهێنم، شوێنێکت دەدەمێ لەنێوان سینگ و مەمکان (لەسەر سینگم لەنێوان هەردوو مەمکانم).

٩ و ١٠: خەلیل

لە حەڵەب بەولاوە گردۆڵکە و بانە، خۆشەویستەکەم لە گەرماو دەر چووە، پرچەکانی هێشتا تەڕن، ماچێکم بدەرێ! ئەگەر دایکت (شتێکی وت) وەڵامی بدەرەوە، بڵێ: ((ددانەکانم ئازاریان هەیە)). وەرە، من و تۆ (ئێمە) بچینە بێریی بزنان، لەوێ کەیف و ڕابواردن و گفتوگۆی خۆمان دەکەین، ئەگەر دایکت شتێکی پێ وتی: بۆچی ئاوا درەنگ گەڕایتەوە؟ وەڵامی بدەرەوە: ((زێڕی سەری من هاتە قەتین)).

حەوتەم بڕگەی سترانەکە- دیدەوان، لە فارسییەوە وەرگیراوە. سێیەم دێڕ (بێ) لە هاتن، کۆی بیا وەر گیراوە. (ف-یۆستی) هەشتەم بڕگەی سترانەکە- (بینم)، کرداری داهاتووی (ئانین)ە.

نۆیەم بڕگەی سترانەکە (بێژ) کرداری بەردەوامی (گوتن)ە. سێیەمین دێڕ زانایانی کورد (قوله) دەنووسن بۆ (کوله)، ڕێکخستنی واتای وشەی (کل) کە لە فەرهەنگی کوردیدا پێشنیار کراوە، تەنها هەوڵدانێکی ئیتیمۆلۆژیی ئەو وشە سەیرەیە. (ف-یۆستی)

١١: گەوەرێ

بەسەر سەری منەوە چیا زەردە (بە گوڵی زەرد داپۆشراوە)، لەژێر منەوە هەمووی درەخت و بەردە، فریادڕەسم خوداوەندە، خوداوەند وادە و بەڵێنی خیانەتکارانەی خۆشەویستان لە من دوور بخاتەوە.

١٢: خەلیل

مێگەلی خۆشەویستەکەی من ڕانی بزنانە، دەیانگێڕم لە پێدەشت و قەدپاڵی چیایەکان، دەیانگێڕم بۆ دیمەشق، شاری پیرۆز یا بۆ حەڵەب، شاری جوانی، دەیاندەم بە جووتێك گوارە.

دوازدەهەم بڕگەی سترانەکە- زانایانی کورد بە شێوەی (گرازنە) دەینووسن.

١٣: خەلیل

مێگەلی ئازیزەکەی من مەڕە، دەیانگێڕم لەناو ڕێگە و بان و تووڵەڕێیانی جۆراوجۆر، دەیانگێڕم بۆ دیمەشق، شاری پیرۆز یان بۆ حەڵەب، شاری جوانی، دەیاندەم بە جووتێك نیشانە.

١٤: گەوەرێ

هۆ فورات، فوراتۆ کە پاڵوو ئاو دەدا (وشە بە وشە: لەم پێیەی ئەولاوە)، قایغێك بەناو لێژاییی ئاوەکانتدا دەڕوا، لاوکی من چووەتە وڵاتی بێگانان، من تەنها بیر لەو دەکەمەوە.

سێزدەم بڕگەی سترانەکە- (نیشان) مەدالیایەکی زێڕینە ژنان لە ملی دەکەن.

چواردەم بڕگەی سترانەکە پاڵوو- ناوەندی قەزایەکە بە هەمان ناو، سەر بە ویلایەتی خەرپووتە.

١٥: خەلیل

من لەژێر درەختان لەیلام بینی، زوڵفی حەلیی بەسەر شانەکانیدا شۆڕ کردبووەوە. ویستم دەستی خۆشەویستەکەم بگرم و خۆ بخەینە بەر سایەی پاراستنی مەریەم (پاکیزەی پیرۆز).

١٦: گەوەرێ

هۆ بایەزید، لەوێ خاچ هەیە (مریەم)، تاجێکی زێڕینی بە نێوچەوانێکی سپی هەڵگرتووە. هەرگیز نەیبینیوە کوڕە ئاغای گەنج بە تەك کچێکی سادەی کورمانجەوە بێ؟

پازدەهەم بڕگەی سترانەکە- (لەیلا) گوڵە لیلکی فارسییە، عەرەبییەکەی (لیلك)، تورکیەکەی (بوینوز چچکی، فارسی ئەرغەوان (ف-یۆستی). حەلی بچووککراوەی حەلیمەیە (دەربڕینی موحیبەت، نەرم و نیانی، خۆشەویستەکەم) دەگەیێنێ، سەما، لە وشەی عەرەبی (سماع) (ف-یۆستی) هاتووە.

١٧: گەوەرێ

سوبحان کەوتووەتە سەر بانێك، بایەکی فێنکی تێدا هەڵدەکا. خۆزگە بمتوانیایە ڕۆژێك دەستی خۆم لەبەردەم دایکی خۆشەویستەکەمدا بخەمە سەر سینگ (واتە بمتوانیایە ببمە خێزانی خەلیل بەگ، کچە گەنجێك لە ڕۆژهەڵاتدا، چ موسڵمان و چ کریستیان دەبێ بەپێوە بەرامبەر بە دایکی

مێردەکەی -وەك نیشانەی ڕێزگرتن- دەست بخاتە سەر سینگ. خەریکە ئەم داب و نەریتە لەلای یۆنانییە شارستانیخوازەکان نامێنێ).

حەڤدەمین بڕگەی سترانەکە- سوبحان ناوی ئاواییەکە لەنێوان ماکۆ و بایەزید.

۱۸: خەلیل

دڵم ناتوانێ بەبێ تۆ لێ بدا، کە تۆ دەڕۆی حاڵی من پەرێشانە (بە شێوەیەکی ئەدەبی- حاڵی من چۆن دەبێ؟)، سیمای گوڵینی لە یاد ناکەم تا ڕۆژی قیامەت سپێدەی (ڕۆژی دوایی) دەست پێدەکا.

هەژدەهەم بڕگەی سترانەکە- گوڵێن، ئاوەڵناوی (گوڵ)ە، ئەم وشەیە لە زمانی فارسیدا نییە، لەسەر شێوەی (نەرگسین) داڕێژراوە (ف-یۆستی)، دیوانا سوبحی لە عەرەبیدا (صبح جزا).

۱۹: گەوەرێ

چاو دەدەمە دۆڵی پای، کالانی شمشێر دەکەونە سەر داوێنی عەبای خۆشەویستەکەم، چاوی بەلەکی ئەو لەیاد ناکەم تا دوایین ڕۆژی دونیا.

نۆزدەهەمین بڕگەی سترانەکە- گەدوك، لە تورکیدا (کدوك) بە واتەی (درز) دێت. پای، ناوی ئاواییەکە لەنێوان قەزای (ئەرجیش) و (ساری-سوو)دا لە ویلایەتی وان.

۲۰: خەلیل

چاوی ڕەش ترسناکن، ناوە ناوە بە دڵۆپی چاو ڕایدەگرین، گەلێك ژن لەبەر ئەو چاوانە لەلایەن مێردەکانیانەوە وازیان لێ هێنراوە.

بیستەمین بڕگەی سترانەکە- قەدانە لە عەرەبیدا (قدا) هاتووە.

۲۱: خەلیل

سپێدەیە، خۆرەتاو بەرز بووەتەوە و تیشکی زێرینی خستووەتە سەر سینگ و هەروەها سەر مەمکانت. دوو ماچم بدەرێ، قیسمەتی خوداوەند ئەم شێوەیەی دەوێ.

سمێرنا، ۱۵ ی شوباتی ۱۸۸۱

ئۆگست ژابا

تێبینی: ئێمە لەم وەرگێڕانەدا هەوڵمان داوە ئەوەندەی بکرێ دەقی کوردیی ئەم سترانە، کە بۆ یەکەمجارە لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە، وەك کوردیی مەلا مەحموودی بایەزیدی خۆی بیپارێزین. هەرچی وەرگێڕدراوی فەرەنسیی لێکدانەوەی دەقەکەیش بوو، ناچار بووین بە کوردیی ناوەڕاست بیکەین بە کوردی، بەو هیوایەی وا ئەم دەقە هەم خوێندەوارانی کوردیی سەروو و هەم خوێندەوارانی کوردیی ناوەڕاست تێی بگەن. دەبێ لە کۆتاییشدا سوپاسی مامۆستا ڕەشید فندی بکەم، کە ئەزیەتی کێشا و دەقە کوردیەکەی بایەزیدیی بۆ خوێندمەوە و لە هەر جێیەك سەرچیخ چووبم، بۆی ڕاست کردوومەوە، بۆ ئەم ماندووبوونەی گەلێك سوپاسی دەکەم.

سەرچاوە:

-Auguste Jaba, « Ghevri et ses chansons extrait de l'histoire moderne de Kurdistan (manuscrit), par Mahmoud Bazidi », In *Bulletin de l'athénée Oriental,* N° ٣, 1881, pp : 145-158.